بەناوی كوردستانی گەورە .

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.com

# كەوای ئەوین :

تێبینی سەبارەت بە بیچمی  بڕێک لە وشە چەند  ماناییەكان:
بە كەڵک وەرگرتن لەو كلیلەی دوای هۆنراوەكە  ، جاری وا هەیە دەتوانین ئەم شێعرە بە چەند لەون مانا بكەینەوە ،كە ئەمە یەكێک لە تایبەتمەندیەكانی زمانی كوردیە . بۆ پان كردنەوەی بە ستێنی راقە ، ئەركی ماناكردنەوە كە ، دەكەوێتە سەر ئەستۆی خوێنەری هێژا :

بڕۆت چەشنی كەوانە ، چون  كەوانە (1)
ڕەشی بسكت ، شەوانە ، چون شەوانە (2)

بزەی لێوت ، كەلێوە ، چون كە لێوە (3)
موژەت تیری دەبانە ، چون  دەبانە (4)

یەخەی سنگت كەزێوە ، چون كە  زێوە (5)
دڵم دیلی مەمانە ، چون  مامانە (6)

وتە و شێعرت ، كەلامە ، گش  كەلامە (7)
بەدیعی رووت بەیانە ، چون  بەیانە (8)

قەد و بەژنت ، نەمامن ، بۆی نەمام من (9)
تەپەی قەلبە ، كەژانە ، چون كەژانە (10)

ئەوینی مە كەوایە ، چون  كەوایە (11)

## لیباسی تازەمانە ، تا زەمانە (12)

(1) "کەو" یا " کەوان".

(2) "شەو" یا "شەوە".

(3) کە"لێوە" یا کەلێوە ".

(4) "دەبە" کردن یا" دەبان" .

(5) کە "زێوە " یا " کەزێوە" .

(6) "مەمانە " یا " مەم گەلە " .

(7) کە " لامە " یا "کەلامە"

(8) وشەی بەیان چوار مانای هەیە :بەیانی وتار، بەیانی دوای شەو ،کێوی بەیان، لە هەوشار و بەیگەل.

(9) " نامەمن " یا "نەمام من " .

(10) کە "ژانە یا "کەژانە "

(11) کە " وایە " یا " کەوایە " .

(12) تا"زەمانە " یا "تا زەمانە " .